# بەقەد گەورەیی  ناوەکەت

بۆ هەرکوێ بچین، ئاسمانی پەیامی تۆ یەک ڕەنگی هەیە، ئەویش شیینکاییی سەربەستییە.

لە یادی پانزدەساڵەی تیرۆرکردنی قاسملووی نەمردا "13.07.1989"

پۆلا سەعید

www.kurdistannet.org

بریینێکی هێند گەورەم
لە هەرکوێیەک سەری دەرزیی ژانێک
لە سەری‌پەنجەی گوندێکم بچەقێت
ئیدی من لێرەوە پشکۆیەکی بە تڵەتڵی ئاگرێک و
ناڵە و گرمەی وەرزێکی ناوەختی ئەو هەورەم،
بریینێکی هێند بە ئازارم
ئەگەر مەرهەمی هەموو دەردەکان لەسەرم بڕژن
هێشتا هەر زووخاوی دوکەڵاویی سەربریینم زەرد ئەچێتەوە
دەمی قلێشی بریینی ژانکردووم
هەتا بن دەوارەکانی تاوان سوور ئەچێتەوە،
بریینێکم دەیان ساڵە زووخاوکردوو

لە لاپەڕە زەردبووەکانی مێژوودا دڵۆپێک مەرەکەبی ڕژاوم
حەپەساو و چاو نەنووستوو،
ئازارێکم سوور ئەچمەوە
لەم بیابانی قرمە قرمی گوللەیەدا تاڵێک لە قژی "نالیی"م
بۆ مشتێ خاک و خۆڵی شارەزوور دوا چوارییەنەم
بە خوێنی خۆم ئەنووسمەوە،
بە قەدپاڵی ئەم شاخی غەمی کوردەوە جوتیارێکی ئازادییم و
پەیتا پەیتا وەک هەنگاوەکانی پێشمەرگەی وڵات
لە کێڵگەی دڵی ئەم خاکەدا تۆوی سەربەستیی ئەچێنمەوە،
*
دەیان ساڵە ئێمە هەموو پێکڕا منداڵانی پێ خاوسی
دەشتی کۆیە و پاوە و سنەین
بە دوای پەپوولەی ڕۆحی لالۆدا خل ئەبینەوە
سەری پەنجەی‌پێمان لە گابەردی مەراقێکی دی هەڵئەکەوێ و
بە لەنجەی فڕینەکەی لالۆ ناگەین،
دەیان ساڵە سەری داخمان لە گۆمی پرسەی ئەم ئازارەدا نقوومکردووە
بێجگە لە ئەڵماسی ناوەکەی
بە دیدەنی ڕووخساری گەورەیی ناگەین،
ئێمە لەم تەنگەبەرییەی مێژووەدا بۆ لالۆیەک دەگەڕێین
کە خاچی زامداری ئەم خاکەی لە کۆڵنابوو
لەم هەراسانییەی چارەنووسسازییەدا بۆ پزیشکێک دەگەڕێین
کە بەژنی شکاوی ئەم گەلەی لە گەچ نابوو،

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

ئێمە گیانێکمان لەکیس چووە
کە کەوشەنەی وڵاتی کوردانی دابوو بە دەفەی شانیەوە
ئێمە ئەو پێشمەرگەیەمان لە دەستداوە
کە کوردستان لەلای ببووە هیمۆگلۆبین و
چووبووە خرۆکەکانی خوێنیەوە،
ئێمە هزرێکمان لێ ونبووە
کە لەم تەم توومانی کوردایەتیی‌یەدا
دەیتوانی زاری ژەنگگرتووی وتاری سەرانی کورد
بە سەری نووکی پێنووسە یاخییەکانی وڵاتەوە گرێبداتەوە،
دەیتوانی جارێکی دی بەقەد گەورەییی ناوەکەی خۆی
کوخی باوەڕێک لەنێوانی دەستەڵات و جەماوەردا
چێبکاتەوە،
دەیتوانی جارێکی دی وەک "با"ی بارشتی باوەڕ
لە بەرهەیوانی هیوای گەل دا
خۆی هەڵبکاتەوە،

11.07.04

www.kurdistannet.org